# ئیبراهیم و ئیسماعیل

پەیدابوون ١٦,١٧

لە دوو وانەی ڕابردوودا و لە دیراسەتمان لە نووسراوە پیرۆزەکان، دەستمان کرد بە دیراسەتی چیرۆکی پێغەمبەر ئیبراهیم. یەکەم جار، ئیبراهیم ناوی ئیبراهیم نەبوو، بەڵکو ئەبرام بوو. بەڵام لە وانەی ئەمڕۆماندا دەزانین بۆچی خودا ناوی ئیبراهیمی گۆڕی بۆ ئەبرام.

یەکەم بەشی چیرۆکی ئەمڕۆمان چیرۆکێکی خەمناکە کە شتێك ئاشکرا دەکات کەوا ئەبرام ئەنجامی دا و مایەی دڵ خۆشی خودا نەبوو. هەندێ کەس پێیان وایە پێغەمبەرانی خودا هەرگیز گوناهیان نەکردووە. بەڵام ووشەی خودا ئەمە ڕادەگەێنێ و دەفەرموێ: بۆ هەمووان بەبێ جیاوازییە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا کەوتن. (ڕۆما ٣: ٢٢، ٢٣) هەروەها، ئەگەر بڵێین گوناهمان نەکردووە، ئەوا (خودا) بە درۆزن دادەنێین و وشەکەی لە ئێمەدا نییە. (١ یۆحەنا ١: ١٠) تا ئێستا زانیمان چۆن گوناهی ئادەم بۆ هەموو کەس بلاوبووەوە — پیر و گەنج، پیاو و ژن، کافر و پێغەمبەر. تەنها یەك کەس بە گوناهی ئادەم لەکەدار نەبوو. ئەو کەسەش ڕزگاری دەرەی پیرۆزە ئەوەی خودا ناردی بۆ جیهان بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران. لەکەدار نەبوو بە گوناه لەبەر ئەوەی لە ئاسمانەوە هات — لە حزووری خودای پارسا.

لە دوو وانەی ڕابردوودا، زانیمان چۆن خودا بەڵێنی بە ئەبرام دا بیکاتە باوکی نەتەوەێکی مەزن، کەوا ڕزگاری دەرەکەی لێوە هەڵسێ. ئەبرام و ژنەکەی پیربوون و منداڵیان نەبوو، بەڵام ئەوە وای نەکرد ئەبرام گومان لە ووشەی خودا بکات. بەهەرحاڵ، ئەمڕۆ دەبینین چۆن پاش دە ساڵ لەوەی خودا بەڵێنی بە ئەبرام دا وەجاغی بداتێ، ئەبرام هەوڵی دا یارمەتی خودا بدات بۆ ئەوەی بەڵێنەکەی بێنێتە دی. بەڵام ئەوەی ئەبرام ئەنجامی دا لەبێ ئارامییەکەیدا، زۆر کێشەی بەرهەم هێنا.

کەواتە با بەردەوام بین لە تەورات بۆ ئەوەی بزانین چۆن ئەبرام و سارەی خۆیان ئامادە کرد لە هەوڵێکدا بۆ بە دەس هێنانی ئەو کوڕەی خودا بەڵێنی پێ دابوو. لە بەشی شازدەهەمی سیپارەی پەیدابوون، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ١٦)
[١] سارەیی ژنی ئەبرام هیچ منداڵی بۆ ئەبرام نەبوو، بەڵام کەنیزەیەکی میسری هەبوو ناوی (هاجەر) بوو. [٢] ئینجا سارەی بە ئەبرامی
وت: (ئەوەتا خوداوەند ڕێی منداڵبوونی لێگرتووم. لەگەڵ کەنیزەکەمدا جووت بە، بەڵکو لەوەوە منداڵم بۆ ببێت.) ئەبرامیش بەقسەی
سارەی کرد. [٣] ئینجا سارەی ژنی ئەبرام هاجەری میسری هێنا، ئەمەش پاش دە ساڵ بوو لە نیشتەجێبوونی ئەبرام لە خاکی کەنعاندا،
دای بە ئەبرامی مێردی تا ببێت بە ژنی. [٤] ئیتر لەگەڵ هاجەردا جووت بوو، ئەویش سکی پڕ بوو. کاتێک کە زانی وا سکی هەیە،
خانمەکەی خۆی لەبەرچاو سووک بوو. [٥] ئینجا سارەی بە ئەبرامی وت: (ئازارم لەسەر تۆ بێت. من کەنیزەکەی خۆمم خستە باوەشی
تۆوە، ئێستاش کە زانی سکی هەیە، لەبەرچاویدا سووک بووم. با خوداوەند دادوەری نێوان من و تۆ بکات.) [٦] ئەبرامیش بە سارەی
وت: (ئەوەتا کەنیزەکەت لەبەر دەستی خۆتدایە، چیت پێباشە وای لێبکە.) ئیتر سارەی هاجەری زەلیل کرد، ئەویش لە دەستی
ڕایکرد.

بەو شێوەیە دەبینین چۆن گوناهی ئەبرام تاڵی و ناکۆکی لە خێزانەکەی بەرهەم هێنا. سارە دڵی پیس بوو لەبەر ئەوەی هاجەر سکی پڕ بوو، هاجەریش تووڕە بوو لەگەڵ سارە کە بە خراپی مامەڵەی لەگەڵی دەکرد. بۆیە، هاجەر لەدەست سارە هەڵات.

پاشان نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ١٦) [٧] ئینجا فریشتەی خوداوەند هاجەری لەسەر کانییەک دۆزییەوە لە
دەشتودەر. لەسەر ئەو کانییەی لە ڕێگای (شوور)ـە. [٨] فەرمووی: (ئەی هاجەری کەنیزەی سارەی، لەکوێوە هاتوویت و بۆ کوێ
دەچیت؟) ئەویش وتی: (لە دەست سارەی خانمی خۆم ڕامکردووە.) [٩] فریشتەکەی خوداوەند پێی فەرموو: (بگەڕێوە لای خانمەکەت
و ژێردەستەی بە.) [١٠] هەروەها فریشتەکەی خوداوەند پێی فەرموو: (وەچەکانت بێئەندازە زۆر دەکەم کە لەبەر زۆرییان لە ژماردن
نەیەن.) [١١] دیسان فریشتەکەی خوداوەند پێی فەرموو: (ئەوەتا سکت پڕە و کوڕێکت دەبێت و ناوی دەنێیت (ئیسماعیل)، چونکە
خوداوەند گوێی لە زەلیلی تۆ بوو. [١٢] ئەو مرۆڤێکی کێوی لێ دەردەچێت. دەستی لە دژی هەموو کەسێک دەبێت و دەستی هەموو

کەسێکیش دژی ئەو. بەرامبەر هەموو براکانیشی نەیار دەبێت.

بۆیە هاجەر گەڕایەوە بۆلای سارە خانمەکەی، وەك فریشتەکەی خودا پێی فەرموو: ئیتر هاجەر کوڕێکی بۆ ئەبرام بوو، ئەبرامیش ئەو کوڕەی خۆی کە لە هاجەر بوو ناو نا ئیسماعیل. [١٦] ئەبرام تەمەنی هەشتا و شەش ساڵ بوو کاتێک هاجەر ئیسماعیلی بۆ ئەبرام بوو. (پەیدابوون ١٦: ١٥، ١٦) بۆیە ئیسماعیل، باوکی هەموو عەربەکان لەدایك بوو. هەروەك دواتر دەزانین، خودا بایەخی بە ئیسماعیل دەدا و پلانی هەبوو بۆی، بەڵام ئیسماعیل ئەو کوڕە نەبوو کە خودا بەڵێنی بە ئیبراهیم دابوو. پلانە جوانەکەی خودا بۆ دروستکردنی نەتەوەیکی نویَ لە ئیبراهیم نەگۆڕابوو. خودا وەك ئیبراهیم بەپەلە نەبوو. خودا هەمیشە بەڵێنەکانی دێنێتە دی، تەنانەت گەر بێت و پێمان وابیَ لەسەر خۆیە. بۆیە، نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت کە بۆ ماوەی سێزدە ساڵ لەپاش لەدایك بوونی ئیسماعیل، خودا بیَ دەنگ بوو، و هیچ قسەی لەگەڵ ئەبرام نەکرد. بەڵام ڕۆژێك خودا جارێکی تر لەگەڵ ئەبرام دووا.

با لە بەشی حەڤدە بخوێنینەوە و بزانین خودا چی بە ئەبرام فەرموو لەپاش سێزدە ساڵی دوور و درێژ لەبیَ دەنگی. ئەوەی ئێستا دەیخوێنینەوە زۆر سەرسوڕهێنەرە. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرمووێ:

(پەیدابوون ١٧) [١] کاتێک ئەبرام تەمەنی نەوەد و نۆ ساڵ بوو، خوداوەند دەرکەوت بۆ ئەبرام و پێی فەرموو: (من خودای هەرە بەتوانام، لەبەرچاومدا هاتوچۆ بکە و بیَ گلەیی بە. [٢] پەیمانی خۆم لە نێوان خۆم و تۆدا دەبەستم و زۆر زۆرت دەکەم.) [٣] ئەبرامیش بەسەر ڕوویدا کەوت، خوداش پێی فەرموو: [٤] (لەلایەنی منەوە، ئەمەش پەیمانەکەمە لەگەڵ تۆدا، تۆ دەبیتە باوکی چەندین نەتەوە. [٥] نەتەوە لەمەودواش ئیتر ناوت بە (ئەبرام) نابرێت، بەڵکو ناوت دەبێتە (ئیبراهیم)، چونکە من تۆم کردە باوکی چەندین. [٦] زۆر زۆریش بەردارت دەکەم، پێم داویت ببیت بە چەندین نەتەوە و چەندین پاشات لێیکەوێتەوە. [٧] پەیمانی خۆم دەچەسپێنم لە نێوان خۆم و تۆ و وەچەی دوای خۆت لە نەوەکانیان، پەیمانێکی تاهەتایی، کە ببمە خودای خۆت و وەچەی دوای خۆت. [٨] ئەو خاکەی کۆچی تیادا دەکەیت، بە خۆت و بە وەچەی دوای خۆت دەدەم، هەموو خاکی کەنعان، موڵکێکی تاهەتایی و منیش دەبم بە خودایان.)

[٩] ئینجا خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: (تۆش پەیمانەکەم دەپارێزیت، خۆت و وەچەی دوای خۆت، لە نەوەکانیان. [١٠] ئەمش پەیمانەکەمە کە دەیپارێزن لە نێوان من و ئێوە و وەچەی دوای خۆت، هەموو نێرینەیەکتان خەتەنە دەکەن. [١١] لەشتان خەتەنە دەکەن و ئەمەش دەبێتە نیشانەی پەیمانەکەی نێوان من و ئێوە. [١٢] هەموو نێرینەیەکی هەشت ڕۆژەش لە ئێوە دەبێت خەتەنە بکرێت...

[١٥] هەروەها خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: (سارەی ژنیشت، ئیتر بە سارەی ناوی مەبە، بەڵکو ناوی دەبێت بە (سارا). [١٦] بەرەکەتداری دەکەم و کوڕێکیشت لەوەوە پێ دەبەخشم. بەرەکەتداری دەکەم و چەندین نەتەوە و چەندین پاشای نەتەوەکان لەوەوە دەبن.) [١٧] ئیبراهیم بەسەر ڕوویدا کەوت و پێکەنی و لە دڵی خۆیدا وتی: (ئایا پیاوێکی سەد ساڵە منداڵی دەبێت؟ ئایا سارا لە تەمەنی نەوەد ساڵیدا منداڵی دەبێت؟) [١٨] ئیبراهیم بە خودای وت: (خۆزگە ئیسماعیل لە بەردەم بەرەکەتی تۆدا ژیان بەسەر ببات.) [١٩] ئینجا خوداش فەرمووی: (بەڵێ، بەڵام لە سارای ژنت کوڕێکت دەبێت، ناوی دەنێیت (ئیسحاق). پەیمانی خۆمی لەگەڵدا دەچەسپێنم، پەیمانێکی تاهەتایی بۆ وەچەکەی دوای خۆی. [٢٠] بۆ ئیسماعیلیش، گوێم لێت بوو، ئەوەتا بەرەکەتداری دەکەم و بەرداری دەکەم و زۆر زۆری دەکەم. دەبێتە باوکی دوازدە سەرۆک و دەیکەمە نەتەوەیەکی مەزن. [٢١] بەڵام پەیمانەکەم لەگەڵ ئیسحاقدا دەچەسپێنم، کە ساڵێکی دیکە ئەم کاتە سارا بۆ تۆی دەبێت.

تا ئێرە و دەبیَ ڕاوەستین لە خوێندنەوەی نووسراوە پیرۆزەکان. زانیمان چۆن ئەبرام بەگویَ قسەی ژنەکەی کرد و چوو لەگەڵ هاجەری خزمەتکاری نووست. ئەوەی ئەبرام کردی هەڵەبوو. ئیسماعیل، کە کوڕی ئەبرام و هاجەر بوو، بەشێك نەبوو لەپلانی خودا بۆ دروستکردنی نەتەوەێکی نویَ کەوا خودا بەرەکەتی هەموو نەتەوەکانی تری جیهانی پیَ دەکات. بەڵام، نادڵسۆزی مرۆڤ ناتوانیَ ڕیَ لە دڵسۆزی خودا بگرێت. بۆیە، هەروەك ئێستا خوێندمانەوە، کاتیَ ئەبرام تەمەنی نەوەت و نۆ ساڵ بوو، خودا جارێکی تر بۆی دەرکەوت بۆ چەسپاندی ئەو بەڵێنەی زۆر لەوە پێش پێی دابوو. فەرمووی، (من خودای هەرە بەتوانام... دەبیە باوکی نەتەوەیەکی

زۆر. لەمەودواش ئیتر ناوت بە (ئەبرام) نابرێت، بەڵکو ناوت دەبێتە (ئیبراهیم). بە هێشتنەوەی پلانە تەواوەکەی خۆی، خودا ناوی ئەبرامی گۆڕی بۆ ئیبراهیم، کە بەمانای (باوکی زۆران) دێت. خودا هەروەها ناوی سارەی کرد بە سارا، بەمانای (خاتوون) دێت.

ئالێرەدا شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەر. دوو کەسی پیرمان لە بەردەم دایە کەوا هەرگیز منداڵێکیان نەبووە، ئەبرام و سارە. ئێستا خودا ناوی نوێی پێیان بەخشیٚ لەپێناو ڕاگەیاندنی ئەوەی کە بەرەو ڕوودانە. ناوی ئەبرام کرا بەئیبراهیم، باوکی زۆران و ناوی سارەش بوو بە سارا، بەمانای خاتوون. خودا بەرەو ئەوە بوو کە کوڕێك بەئیبراهیم و سارا ببەخشیٚ، و لەو کوڕەوە نەتەوەیەك. لەو نەتەوەیەوە زۆر لە پاشا و پێغەمبەران هەڵدەستیٚ، و لە کۆتاییشدا، ڕزگاری دەری جیهان! بەڕاستی، پەروەردگار مەزنە و شایەنی ستایشە تاهەتا! بەڵێنی خۆی لەیاد نەکردبوو کە زۆر لەوە پێش بە ئیبراهیمی دابوو.

ئەی ئیبراهیم چی کرد لەپاش ئەوەی خودا بەڵێنەکەی خۆی چەسپاند کەوا منداڵێکی پیٚ ببەخشیٚ لەو تەمەنە گەورەیەیدا؟ نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرمویٚ: ئیبراهیم بەسەر ڕوویدا کەوت و پێکەنی و لە دڵی خۆیدا وتی: (ئایا پیاوێکی سەد ساڵە منداڵی دەبێت؟ ئایا سارا لە تەمەنی نەوەد ساڵیدا منداڵی دەبێت؟) ئیبراهیم پیٚ کەنیٚ! بەڵام لەبەر ئەوە پیٚ نەکەنی کە باوەڕ نەکاتن، بەڵکو لەخۆشیدا پیٚ کەنی.

بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرمویٚ: [١٨] هەرچەندە هیواش بڕابوو، بە هیواوە باوەڕی هێنا کەوا دەبێتە باوکی چەندین نەتەوە، بەگوێرەی ئەوەی وترابوو: {نەوەکەت ئاوا دەبێت.} [١٩] باوەڕیشی لاواز نەبوو کە بینی لەشی وا مردووە، نزیکەی سەد ساڵبوو، هەروەها مردوویەتی منداڵدانی سارا. [٢٠] بە بیٚباوەڕی گومانی لە بەڵێنی خودا نەکرد، بەڵکو لە باوەڕ بەهێز بوو و خودای شکۆدار کرد، [٢١] دڵنیابوو کە خودا توانای هەیە بەڵێنی خۆی بباتەسەر.) (ڕۆما ٤: ١٨–٢١)

لەگەڵ ئەوەشدا، ئیبراهیم ویستی بزانێت چی بەسەر ئیسماعیل دێت، کوڕی هاجەر کەنیزەکەی. خودا وەڵامی دایەوە، (بۆ ئیسماعیلیش، گوێم لێت بوو، ئەوەتا بەرەکەتداری دەکەم... دەیکەمە نەتەوەیەکی مەزن. بەڵام پەیمانەکەم لەگەڵ ئیسحاقدا دەچەسپێنم، کە ساڵێکی دیکە ئەم کاتە سارا بۆ تۆی دەبێت... پەیمانی خۆمی لەگەڵدا دەچەسپێنم، پەیمانێکی تاهەتایی بۆ وەچەکەی دوای خۆی.) (پەیدابوون ١٧: ٢٠، ٢١، ١٩)

بۆیە، خودا نیازی خۆی جێگیر کرد بۆ هێنانی پێغەمبەران و لە کۆتاییدا، خودی ڕزگاری دەرەکە لە نەوەی ئیسحاق. لە وانەی داهاتووماندا، دەزانین چۆن پەروەردگار ئەو کوڕەی دا بە ئیبراهیم و سارا کە بەڵێنی پیٚ دابوو — کە ئیسحاق بوو.

بەڕاستی خودا دڵسۆزە. خودا بەڵێنەکانی دێنێتە دی. هیچ شتێك زەحمەت نییە لای ئەو! ئای لە قووڵی دەوڵەمەندی و دانایی و زانیاری خودا! چەندە مەحاڵە پشکنینی حوکمەکانی، ڕێگاکانی لە شوون هەڵگرتن! {چونکە کیٚ بیری خوداوەندی زانی؟ یان کیٚ بووە ڕاوێژکاری؟} {یان کیٚ شتێکی پیٚ بەخشیوە تاکو پێی بدرێتەوە؟} چونکە هەموو شتەکان لە ئەوە و بە هۆی ئەوە و بۆ ئەوە. تاهەتایە شکۆمەندی بۆ ئەوە! ئامین. (ڕۆما ١١: ٣٣–٣٦)

دەبا خودا بەرەکەتی خۆی بەسەرتدا ببارێنیٚ کاتیٚ سەرنجی مانای ئەم ئایەتە دەدەیت کە لەناو نووسراوە پیرۆزەکان دۆزراوەتەوە: ئەگەر دڵسۆز نەبین، ئەو هەر بە دڵسۆزی دەمێنێتەوە، چونکە ناتوانێت نکۆڵی لە خۆی بکات. (٢ تیمۆساوس ٢: ١٣)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. ئەی ئیبراهیم چی کرد لەپاش ئەوەی خودا بەڵێنەکەی خۆی چەسپاند کەوا منداڵێکی پیێ ببەخشێ لەو تەمەنە گەورەیەیدا؟

٢. بە هێشتنەوەی پلانە تەواوەکەی خۆی، بۆچی خودا ناوی ئەبرامی گۆڕی بۆ ئیبراهیم؟

٣.


ڕێگای ڕاست و دروستی:

وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

بەرهەم هێنەر: **کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی**

rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org